# ژیان لە قۆزاخەی پێناسەکانی دا

**عومەر جەلال**
omerjelal@yahoo.com

**ژیان گۆرانییەکە تەنیایی دەیڵێتەوە**
**شەو ئاواز و رۆژیش هۆنراوەکەیەتی**
**ژیان تێپەرینە بە نێو دڵی تاریکیدا**
**خوێندنەوەی دیوی ناوەوەی سەرابە**
**ژیان پێناسەیەکی بێ پێناسە**
**گەمە کردن و ئالودەبوونە بە تریاکی پوچێتی**
**ژیان خۆشاردنەوەیە لە چاوشارکێ ی منداڵی**
**دۆزینەوەی هاورێتی مەرگە**
**خۆکوشتنە لە چاوەڕوانی عەشقدا**
**نووستنێکە لەیەکەم وانەی فەرامۆشی**
**ژیان خوێندنەوەی شیعرێکە کەس نایبیستێت**
**هاواری شێتێکە بۆ پەیداکردنی جگەرەیەك**
**ژیان وەك دڵۆپە باران دەبارێت**
**وەك و بەفر سپی سپی خۆی دەنوێنێت**
**ژیان سنوورێکی بێ سنوورە**
**هەموو خەندەیەك بەشێك لە ژیان دەپارێزێت**
**تەنیایی رێگایەکە بۆ کوشتنی خەونەکانی ژیان**
**دابەشبوون سروودێکە بۆ راڤەکردنی ژیان**
**ئاسوودەی ئاودانی گوڵی باخچەکانی ژیانە**
**مەنفا خوێندنەوەی ژیانە لە تارکیدا**
**نیشتمان دەست بردنە بۆ مەمکی ژیان بەسانایی**
**نەورەس تەمەنی خۆی دەبەخشێت بۆ شانەکردنی پرچی ژیان**
**کوکوختی هەموو بە یانیەك پە نجەکانی ژیان بۆیە دەکات**
**مانگ تەنیا هاورێ ی ژیانە لە تەنیایی شەواندا**
**رۆژ یادەوەری ژیان دەنووسێتەوە تا دەمرێت**

ئەستێرەکان ئیشیان دروستکردنی ملوانکەیە بۆ ملی ژیان

شاعیرەکان شێت دەبن لە ڕامانی نهێنیەکانی ژیان

ئاو هێندە تامەزرۆی بینینی ژیانە تا سنووری شە پۆل

باران شۆردنەوەی ژیانە لە شەوێکی تاریکدا

بەفر رازاندنەوەی ژیانە بۆ ئاهەنگ

خۆسازدانی ژیانە بۆ هاوسەرێتی

نامۆی باخچەیەك گریانی باڵندەکان دەنووسێتەوە

باڵی پە پولەکان ناسکی عاشقەکان دەخوێنێتەوە

گیا هێمایە بۆ نەمریی ژیان

عەشق سروودێکە بۆ قەشەنگ تر کردنی باڵەکانی ژیان